# سیاسەت لەچوارچێوەی تیۆرەکانی بەجیهانیبون (توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە)

سليم بطرس الياس[1] – نزار أحمد يحيى[2]

[1]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کارگێری کار، پەیمانگەی تەکنیکی سۆران، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

بەجیهانیبون دیاردەیەکی نوێی جیهانیی سەرتاپاگیریی فرەرەهەندی ئابوری، کۆمەلایەتی، کولتوری و سیاسییە، لەئەنجامی پێشکەوتنی پیشەسازی، تەکنەلۆژی و مەعریفی کۆمەڵگەی مۆدێرن لەسەدەی (١٨) هاتۆتەدی. بەلام بەکارهێنانی وەک چەمک لەمێژ نییە، بەڵکو ناوەندە ئەکادیمییەکان تا سەرەتاکانی ١٩٨٠، گرنگییان پێنەداوە، بەلام لەنیوەی دوەمی ١٩٨٠بەشێوەیەکی فراوان ئەو چەمکە بەکاردەهێنرێت.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵدەدات تیۆرەکانیی بەجیهانیبون بەیەکەوە لەیەک قاڵب بخاتەڕو و پەیوەندی نێوانیان و کاریگەری دیاردەی بەجیهانیبون لەسەر دەوڵەتە نەتەوەکان لەهەمو جیهاندا پیشانبدات، و بەشێوەیەک، چەند تیۆرێکی بەجیهانیبونی گەنگەشەکردوە، وەک (ئۆلریخ بیک، ئەنتۆنی گیدینز، ڤاڵتێر ڤالرشتاین)، لەگەڵ چەندین بۆچونیتری هەندێک لەتیۆروانانیتر. دواتر تیشکخراوەتە سەر ئەو لایەنەی تایبەتە بەچەمکی بەجیهانیبونی سیاسی، کەوا بەهۆی ئەو دیاردەیە گۆڕانکاری بەسەر دۆخی سیاسەتی جیهانی هاتوە. تەنانەت توێژەر هەوڵیداوە جۆرێک لەمشتومڕ لەنێوان تیۆروانان دروستبکات لەو شوێنانەی خاڵی ناکۆک، یان خاڵی هاوبەشیان هەیە، لەگەڵ زیادکردنی بۆچونی توێژەریش. ئینجا هەرێمی کوردستان وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت لەهاوکێشەی سیاسەتی جیهانی و ڕۆڵی لەداڕشتنی سیاسەتی جیهانی باسکراوە.

هەروەها هەوڵدەدرێت بەرچاوڕونی بکرێت، بۆئەوەی ئەو هۆکارانە بزاندرێن کە بونەتە هاندەر تا کاریگەری دیاردەی بەجیهانیبون لەسەر دەوڵەتان دەستنیشانبکرێت، بەتایبەتی لەبواری سیاسی، ئینجا کاردانەوەیان بۆ پرۆسەی بەجیهانیبون بەئەرێنی یان نەرێنی. دواتر ئەوەش بزانرێت، لەئێستادا پرۆسەی بەجیهانیبون خێراتربوە یان بەرەو خاوبونەوە دەچێت؟ ئایا داڕێژەرانی سیاسەتی جیهانی بەئاراستەیەکی تەندروست هەنگاودەنێن، و کاریگەرییان لەداهاتودا بەچ ئاقارێکدا دەڕوات؟ چەندین پرسیاریتریش کە لەمەودای توێژینەوەکە وەلامدراونەتەوە.

سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکەش، بەوپێیەی توێژەر تەنیا لەڕوی تیۆرییەوە توێژینەوەی ئەنجامداوە، بۆیە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە.

توێژینەوەکە لەڕوی تیۆریەوە گرنگی خۆی هەیە، ئەویش وەک زیادبونی بەرهەمێکیتری تیۆری و هزریە سەبارەت بەکاریگەری بەجیهانیبون لەسەر ڕەوشی دەوڵەتە نەتەوەکان بەگشتی، و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

بەتایبەتیش لەکایەی سیاسی. هەوڵدراوە بەپشتبەستن بەبۆچونی بیرمەندانی بواری بەجیهانیبون، مشتومڕ دروستبکرێت، ئینجا بەهەندێک بەڵگەی لۆژیکی بۆچونی نوێ و تایبەت بەخودی توێژەریش بخرێنەڕو.

سەبارەت بە ئامانجەکانیش: زانینی ڕەوشی سیاسی دیاردەی بەجیهانیبون لەئێستادا، و کاردانەوەی وڵاتانی جیهان بۆ ئەم دیاردەیە. زانینی بۆچونی بیرمەندانی تایبەت بەدیاردەی بەجیهانیبون و ئەو مشتومڕە لۆژیکیەی لەنێوانیان ڕویداوە. ڕاددەی سودبینین یان زیانلێکەوتنی دەوڵەتە نەتەوەکان لەو پرۆسەیە. زانینی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەجیهانی نوێدا، و لەبەشداری دارِشتنی سیاسەتی جیهان.

**کلیلە وشەکان:** بەجیهانیبون، کولتور، کایەی سیاسی و لیبرالیزمی نوێ.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2
**Received:** 09-August-2021
**Accepted:** 08-September-2021
**Published:** 29- June -2022
**Corresponding Author's E-mail:**
selim.elias@su.eu.krd
Nazar.yahya@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

دیاردەی بەجیهانیبوون، مرۆڤایەتی بەرەو دووبارە دارشـــتنەوە بردووە، بە جۆرێک چیتر کۆمەڵگە مەحەلیەکان و دەسـتەلآت و هێزە خۆجێییەکان نەتوانن بە ویسـتی خۆیان هەرچی بیانەوێت لە نێوخۆی ولآت و ناوچەکانیان ئەنجامیبدەن یان بیانەوێت بەو شــێوەیەی ئارەزوو دەکەن، رەفتار لەگەڵ دەوروبەریان بکەن، بەڵکو لە سایەی بەجیهانیبوون، هەموویان پەیوەست بە چەند یاسا و ریسایەکی نێودەوڵەتی و جیهانی کراون، وەک دەســتوورێکی گشــتی بەســەر هەموویان پیادە دەکرێت، تەنانەت چیتریش ئاســان نابێت کۆمەڵگە یان نەتەوەیەک ئەگەر ویستی سەربەخۆیی هەبێت، جیابێتەوە ئەگەر بە رەزامەندی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نەبێت، یان لە بەرامبەردا هێزە خۆجێییەکان ناتوانن بە ئاسانی نەتەوە و کەمینەکان بچەوسێننەوە.

( ئەنتۆنی گیدنز) باس لەوە دەکات، کە ئێمە لە سـایەی بەجیهانیبوونەوە هەمووومان لە یەک جیهاندا دەژین، بەوپێیەی تاک، گروپ و نەتەوەکان رۆژبەرۆژ زیاتر وابەسـتەی یەکتردەبن، هەروەها پێیوایە بەجیهانیبوون بەرهەمی نوێبوونەوەیە، واتە دەربازبوونە لە دابونەریتەکان و هۆکارە تا هەر ڕووداوێک لەوپەڕی جیهانیش ڕوویدات، کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەبێت.( حسين: ٢٠١٤، ١٦) هەروەها ( گیدنز) دەڵێت بەجیهانیبوون چەند پرۆســـەیەکی ئاڵۆزە و تەنیا یەکلایەن لەخۆ ناگرێت، و مۆدێلێکی پێچەوانەیە لەگەڵ جیهانی نەریتی. زۆربەی خەڵکیش باوەڕیانوایە بەجیهانیبوون شـێوە سـادەکەی ڕاماڵینی هێزە یان کاریگەری کۆمەلآیەتی مەحەلی و نەتەوەگەرییە بەرەو جیهانگەرایی. نەتەوەکان هەندێک هێزی ئابووریان لەدەسـتدەدەن کە پێشـتر هەیانبوو، ئەمەش کاریگەری پێچەوانە لەســەر هێز و کۆمەڵگە مەحەلیەکان بەجێدێڵێت. بەجیهانیبوون تەنیا بەرەوپێشــچوون نییە لە هەموو بوارێک و بۆ هەموو کەس و گروپێک، بەڵکو لەهەندێک بوار بۆ هەندێک کەس و لایەن داتەپینە. هەر بەو بۆنەیەوە ســۆســیۆلۆژیســتی ئەمریکی( دانیال بێڵ) ئەمەی زۆرباش ڕوونکردۆتەوە کاتێک دەڵێت، نەتەوە ئەوەندە بچووک دەبێت، نەتوانێت کێشــە گەورەکان چارەســەر بکات، تەنانەت کێشە بچووکەکانیشی پێچارەسەر ناکرێت(Giddens: 2002,55-56 ) .

دیاردەی بەجیهانبوون یەکێکە لە پرســە هەنوکەییەکان لە هەموو جیهاندا و کاریگەری لەســەر هەموو بەش و کایەکانی ژیانی مرۆیی دروستکردووە. چیتر کۆمەڵگە و هێزە سیاسی و لۆکاڵیەکان ناتوانن بە ویستی خۆیان و لە ناوچەیەکی پەراوێز و بەپێی ئەو شــێوازەی کە خۆیان دەیانەوێت حوکمرانی بکەن یان سیاسەتەکانیان جێبەجێ بکەن . بەڵکو لەم ڕۆژگارەدا ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە بەشێکی جیهاندا ڕوویدات، ئەوا کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەســەر بەشــەکانیتری جیهانیش بەجێدێڵێت ، بۆیە دەوڵەتەکان سیاســەتەکانیان بەپێی ئەو ســیســتمە نوێیە جیهانییە دادەڕێژن کە لەهەموو جیهان باوە، تا بەهۆیەوە بتوانن بەشــداری لە بونیادنانی کۆمەڵگەکانیاندا بکەن، یان دەبێت پەراوێز بخرێن، چونکە لە ئێســتادا ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و کۆمپانیا سنور بەزێنەکان کۆنترۆلی جیهانیان تا ڕادەیەکی زۆر بەدەستە .

هەروەها بەجیهانیبوون، بۆتە تایبەتمەندییەکی ژیانی سـەردەم، خۆی لە پرسـەکانی سـەرمایەداری، لاوازکردنی دەسەلآتی دەوڵەت –نەتەوە، بەدیارکەوتنی ڕێکخراو و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، پەیدابوونی کولتووری جیهانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

و شـۆرشـی زانیاری و پەیوەندییەكان كە بۆتە هۆی سـودی خێرای هزرەكان، پارە وخەڵك. بەجیهانیبوون، بە تەواوی ئەو گۆرانكارییانەی سێ دەیەی كۆتایی سەدەی بیست دەووترێت.

لـە توێژینـەوەكـەدا، توێژەر هـەوڵـدەدات تیۆری بـەجیهـانیبوون بخـاتـەروو، بـە شـــێوەیـەک ئـەم تیۆرانـەی گەنگەشـــەكردووە، ئەو تیۆروانانەی توێژەر بە تایبەتی تیشـكی خسـتونەتەســـەر وەک ( ئۆلریخ بیک، ئەنتۆنی گیدینز، رۆنالد رۆبێرتسۆن و ڤاڵتێر ڤالرشتاین )ن، كە زیاتر ئەو بوار و لایەنەی وەرگرتووە كەوا پەیوەندی بە سـیاسـەتی جیهانیی و سـیاسـەتی نەتەوەكانەوە هەیە، بە تایبەتیتریش ئەو كاریگەرییانەی لەسـەر دەوڵەتە نەتەوەكانی جێهێشـتووە، ئینجا رۆڵی نەتەوە بێ دەوڵەتەكانیش لەنێو ئەم سـیسـتمە جیهانییەدا، لەگەڵ چەندین بۆچونیتری هەندێک لە تیۆروانانیتر، كەوا زیاتر مەبەستی توێژەر لە وەرگرتنی بۆچونیان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، بە كورتی ئاماژەپێكردنیان زیاتر بۆچونێک پشـتراسـتكراوەتەوە یان بەڵگەی لۆژیكانەتریان خسـتۆتەروو. ئینجا مشـتومرێكی لۆژیكی لە نێوان بۆچوون و تێروانینی تیۆروانان دروسـتكردووە، و را و سـەرنجی توێژەریش لەگەڵی وابەستە كراوە.

## - كاریگەریەكانی بەجیهانیبون لەسەر سیاسەتی دەوڵەتە نەتەوەكان:

پرۆسـەی بەجیهانیبون وا لەكۆمەڵگەكان دەكات، تارادەیەكی زۆر خاڵە لێكچوەكانیان زیادبن و جیهان وەک گوندێک وێنابكرێت. هەروەها وەک ئەوەی كۆمەڵگەی مرۆیی ببێتە هاوشـێوەی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش. ئەم كردارە دەبێتەهۆی لەدەسـتدانی ناسـنامەی نەتەوە، نیشـتیمان و دەوڵەت، و سـنوری وڵاتان كاڵببنەوە(فیشـتریش: ٢٠٠٢، ١٨٤) بۆیە كۆمەڵگەی بەجیهانیبوی داهاتو پێویسـتیان بەشـارسـتانیەتێكی دورەگ هەیە، و رێزگرتنی جیاوازییەكانی یەكتری و گەشـەی كولتورە هاوبەشـەكانی تایبەت بە مافە كۆمەڵایەتییەكان، دەرفەتی ئابوری و گرێنتیدان لەسـەر بنچینەی جیاوازیە كولتوییەكانی تێدا بەدیبكرێت، هەمو كۆمەڵگەكان بتوانن بەبێ جیاوازی پێیدا تێپەرین. ئەمەیە كە جیهان لەرێی چەمكی بەجیهانیبون مەبەسـتیەتی وەک رێگەچارەیەک بەهۆیەوە مرۆڤایەتی لەو نیگەرانیانەی روبەروی بوەتەوە لەنێوان خوڵقاندنی هاوشـێوەیی جیهانی و دروسـتبونی ناسـنامەی كولتوری لۆكاڵی، رزگاربێت. (فیشـتریش: ٢٠٠٢، ١٨٨) ئەوەشـی وایكردوە ئەم پرۆسـەیە خێراتربێت، سـەركەوتنی لیبرالیەتی سـەرمایەداری بو، كەوا بوەتەهۆی خێراتركردنی شـۆرشـی تەكنۆلۆژیای پەیوەندییەكان، هەروەها مۆدێلی بەجیهانیبون و گۆرینی سـیاسـەتی جیهانی بەرەو دیموكراسـی لیبراڵی، بوەتەهۆی نەهێشـتنی ناوەندگەرایی لۆكاڵی، و لەلایەكیتر دەبێتەهۆی سـەرهەڵدانی چەندین جۆر دەستەڵاتی سەرو نەتەوەیی(عیسی: ٢٠٠٨، ٥١– ٥٢)

(رۆبێرتسـۆن)یش، كە بەیەكێک لە پێشـەوایانی بەجیهانیبونی كولتوری دادەنرێت، پێیوایە بەجیهانیبون وەک گشـتێک، هەم گوزارشـت لەچربونەوەی جیهان و هەم زیادبونی ئاگایی و وشـیاری خەڵک و كولتورە جیاوازەكان دەربارەی جیهان دەكات. بۆیە (رۆبێرتسـۆن) بانگەشـەی ئەوە دەكات، كە لەداهاتودا جیهان زیاتر یەكگرتو دەبێت وەک لەئێسـتا، بەڵام ئەوەش ناشـارێتەوە ئەم سـیسـتمە یەكگرتوە پرە لە هاودژی و ناكۆكی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

(عیسی: ٢٠٠٨، ٥٨– ٥٩) بەوهۆیەوە ئێستا لەئەنجامی بەجیهانیبوندا بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک سیاسی، کولتوری و ئابوری، یەکپارچەیی و یەکڕیزی خۆیان لەدەستداوە و دەوڵەتە نەتەوەکان ڕێز و بەهای کلاسیکی خۆیان لەبەردەم هەڕەشەیەکی جددی دیاردەی بەجیهاییبون دەبینن. (عیسی: ٢٠٠٨، ٣٨) هەرچی (ڤالرشتاین)ە ڕەخنەی توند لەو سیستەمە جیهانییە دەگرێت و بەدیاردەیەکی ناتەندروست هەژماری دەکات. دەڵێت تەنگژەی جیهانی دروستدەبن، و ئەم تەنگژانە دەبنەهۆی دابەشبونی هێز لەچەند بەرەیەکی جیاواز و نایەکسان. هەروەها (ڤالرشتاین) پێیوایە گشتگیرکردنی لۆژیکی سەرمایەداری دەبێتەهۆی کاردانەوە دژی جیهانی ڕۆژئاوا. بۆیە تەواوکاری جیهانی و هەرەسهێنانی جیهانی بەیەکەوە کاردەکەن، ئەمەش هەرەسهێنانی سیستەمی جیهانی لێدەکەوێتەوە(Beck: 2000, 31–33).

بۆیە (گیدنز) دەڵێت بەجیهانیبون جیهانێکی خولقاندوە، دولایەن لەخۆدەگرێت ئەوانیش: براوەکان و دۆڕاوەکانن، و بوەتە شوێنی کێبڕکێ، کەچی زۆربەی خەڵک لەنەهامەتی و بەدبەختی دەژین(Giddens,2002: 59).

ئەم بۆچونەی (گیدنز) پێدەچێت زیادەڕۆی زۆری تێدابێت، چونکە مەرج نییە هەر لایەن یان کۆمەڵگەیەک هاوبۆچون نەبو سەبارەت بە شێوەژیانێک کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا یان هەر کۆمەڵگەیەکیتر دەیەوێت، مانای دواکەوتویی ناگەیەنێت، بەڵکو مانای ئەوەیە کە لە گۆشەیەکیتر جیهان دەبینن. بەو شێوەیەی دەیانەوێت، بەنێو جیهان گوزەر دەکەن، و بەمەش دەکرێت هەر لەم ڕێگایەوە پێشکەوتن لە بوارە جۆراوجۆرەکان بێتەکایەوە. ئەوەتا دەوڵەتانی وەک چین، ژاپۆن، سەنگاپور و تەنانەت دەوڵەتێکی وەک هیندستانیش توانیویانە پێشبکەون، کەچی ئاراستەی پێشکەوتنیان تارادەیەک جیاوازترە لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، کە (گیدنز) بە دۆڕاو هەژماریان دەکات. هەرچەندە ئەگەر لایەنی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤیش بەتەنیا وەرگرین، ئەوا هەندێک بەهای زاڵی ڕۆژئاوایی لە ئێستادا لە هەمو جیهان باون کەوا سیستەمی سەرمایەداری لیبرالی دەیەوێت، بەڵام بەهای ترسناکن بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی، بۆ نمونە بەهای هاوڕەگەزخوازی، تاکایەتی، لاوازبون و هەڵوەشانەوەی خێزان و... هتد، کە دەکرێت لە داهاتودا کارەسات بەسەر مرۆڤایەتی بێت.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جیاوازی نێوان ناوەندی سەرمایەداری و وڵاتانی تازەپێگەیشتو قوڵتر دەبێتەوە. چەندین وڵاتی جیهان بەدەست برسێتی و قاتوقریەوە دەناڵێنن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناوەندێکی دەوڵەمەند دەوروبەرێکی هەژارتر دروستدەکات، لەناو هەر کۆمەڵگەیەکیشدا جیاوازیە کۆمەڵایەتییەکان جەمسەرێک و کەمینەیەکی سەرمایەداریش لەجەمسەرێکیتردا دادەنێن. بەجیهانیبون لەرێگای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێوە دەستبەرداری هەزاران هێزی کار دەبێت و هەلی کار کەمدەکاتەوە، بەڕادەیەک بێکاری هەر بەتەنیا کرێکارانی نەگرتۆتەوە تەنانەت توێژێکی فراوانی چینی بۆرژوازی بچوکی فرێداوەتە سەر جادە و بێکاری کردون. (میسری: ٢٠١٩، ٤٢)

پێدەچێت هەمو ئەو هەوڵ و کۆششانەی باس لەیەک کولتوری، یەک ئایدیۆلۆژیایی باڵا و یەک شێوەژیان دەکەن، بێهودەبن. چونکە هەستدەکرێت هەوڵەکانیان ناکردەیی و ناتەندروست بن و لەگەڵ ئارەزوە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

بنچینەییەکانی مرۆڤ نەگونجێن، بۆنمونە ئەگەر توانرا تەنیا لەکۆمەڵگەیەکی لۆکاڵی، یان لەگەڕەکێکی شـار، یان لە گوندێکی بچوک هەمو تاکەکان وەکیەک گروپی لەقاڵبدراو هەڵســـوکەوت بکەن لەشــــێوەی ژیانکردن و بیرکردنەوەیان، ئەوا دەکرێت دەرچەیەکی باشـــبێت بۆئەوەی هەمو مرۆڤایەتی لەیەک جۆر کۆمەڵگەی جیهانی کۆبکرێنەوە. هەرچەندە ئەگەر بشـــتوانرێت لەڕوی ماهی ئەوە بەدیبێت، ئەوا ئەســـتەمە لەڕوی مەعنەوی ئەو بیرۆکە و هەوڵدانە لەڕوی کردەیی پیادەبکرێت. چونکە وەک دیارە مرۆڤ ســـروشـــتیان جیاوازە، و ڕەفتار، بیرکردنەوە، زیرەکی و دونیابینییان لەیەکتر جیاوازە، و بەهرەکانیشیان بەهەمان شێوە جیاوازە. ئەمەش لەبەر چەندین هۆکـاری ژینگـەیی، کولتوری، مێژویی، پێکهـاتـەی بـایۆلۆژی و هیتریش. بۆ زیـاتر ڕونکردنـەوەی بۆچونەکە، با نمونە لەسەر دیاردەیەکی کردەیی ژیانی ڕۆژانەمان باسبکەین، ئەویش گریمان دو یاریزانی تۆپی پێ لەهەمان ئەکادیمیای وەرزشـــی هەر لەتەمەنی منداڵیدا هەوڵیان لەگەڵ بدرێت تا فێری تەکنیک و شـــێوازی یاریکردن بن، کەچی ئاشـــکرایە زۆربەی جار دو جۆر یاریزانی جیاواز بەرهەمهاتون، کە دەکرێت یەکێکیان مێسی ئاسا یان ڕۆنالدۆ ئاسای لێبەرهەم بێت و ئەوی تریان فەشەل بێنێت یان هیچ نەبێت یاریزانێکی ئاسایی لێبەرهەم بێت. جگە لەمەش هۆکارێکیتر کە ڕێگرێکی گەورەی پرۆسـەی بەجیهانیبون و یەک کولتورییە ئەوەیە، گوماندەکرێت پرۆسەی بەجیهانیبون پرۆسەیەکی سیاسی بێت، و بەمەبەست و بۆ بەرژەوەندی هەندێک گروپ و هێز شـــێوازێکی ڕەفتاری دیاریکراو باڵادەســـت دەکرێت و بەشـــێوەیەکی ئاســـایی و لەخۆوەیی ڕێ بەهەر ڕەفتار و کولتورێکیتر نادرێت بەشـــداری لەبونیادنانی کولتوری جیهانی بکات، کە خزمەت بە بەرژەوەندی و مەرامە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی ئەوان نەکات.

هەرچەندە دەبێت ئەوەشـــمان لەیادبێت، هەوڵ و کۆشـــشـــی هاوســـەنگی یان یەکســـانی لەهەندێک ڕەفتار و شـێوەژیان کارێکی نەکردە و ئەسـتەم نییە. لەگەڵ ئەوەشـدا بونی جیاوازی لەنێوان دو گروپ یان دو کۆمەڵگە مانای ناتەندروســتی و بەهەڵەداچونی پرۆســـەکە ناگەیەنێت، بەڵکو وەک دوانەیەکی لێکدانەبراو و لەگەڵ یەکتر گونجاو و پاڵپشـــتیکاری پیشـــەی ئەویتر یارمەتی بەردەوامی پرۆســـەکە دەدەن بەشـــێوەیەکی ئاســـایی و تەندروست. بەڵام مەرجێکی هەرە گرنگ و سەرەکی ئەوەیە کە دەبێت هەمو ئایدیۆلۆژیاکان دان بەیەکتر دابنێن لەپێناو کەمکردنەوەی ناکۆکی و دژایەتی لەنێوان هێز، ئایدیۆلۆژیا و باوەرە جیاجیاکان، ئەمەش تەنیا بەو کەســـایەتی و کاراکتەرە نێودەوڵەتیە هەژموندارانە دەکرێت کە چاکەخوازی لەرەمەکیان هەبێت و چاکەی باڵا بەرهەم بێنن. دۆزینەوەی کاراکتەری چاکەخوازیش نادۆزرێنەوە تەنیا لەرێی وشیاری جەماوەری و ڕێکخراوە ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستەکان نەبێت، کە دەبێت هەوڵی شێلگیرانە و بەردەوام بدەن و هێزێکی جیهانی یەکگرتو بەرامبەر ئەو هێزە سیاسییە بەرژەوەندیخوازە ئابوریانەی ئێستا سەرکردایەتی جیهان دەکەن، و لەپێناو قازانج دەست بۆ هەر کردەوەیەک دەبەن، ئەگەر زیان بە مرۆڤایەتیش بگەیەنێت. بۆ نمونە وەک (بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، پیسکردنی ژینگە لەرێی کارگە بەرهەمهێنەرەکانیان، نانەوەی ئاشوب و جەنگ لەنێوان هێزە جیهانی و لۆکالّیەکان، دەستکاری جینی لە زیندەوەر و گیانلەبەران و...هتد. کە (ئۆلریخ بێک) باس لەو مەترسیانە دەکات و ئاماژەم پێیکردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

بۆیە هەستدەکرێت سیاسەتکردن لەم ڕۆژگارەی بەجیهانیبوندا ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت و بەردەوام لە فراوانبونیشدایە لە شانۆی جیهانیدا، چونکە بڕیارە سیاسیەکانی وڵاتێک یان چەند وڵاتێکی دیاریکراو دەبنە فشار و دەسەپێنرێنە سەر وڵات و هێزە سیاسیەکانی تر، کە دەبێت جێبەجێی بکەن. بۆیە دەبێت لەچۆنیەتی گۆڕانکاری کولتوری بزانرێت، کە کردارە بەجیهانبوەکان دروستیدەکەن لەبوارەکانی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.(انغليز و هيوسون: ٢٠١٣، ٣١٣)، وادیارە مۆدیلەکانی کۆمەڵگەی جیهانی ناسنامەی دەوڵەتی نەتەوەیی، بونیادیی، و ڕەفتاری کولتوری جیهانی دیاریدەکەن. ئەم مۆدێلانە دروستکراوی کەسانێکی شارەزای پیشەگەرن لەبەکارهێنانی هێز و سەرچاوەکانیان، و کولتورێکی جیهانی دەخولقێنن کە دەیکەنە پێوەر. بەڵام دەستەمۆی ئەکتەرە نەتەوەییەکان(Lechner and Boli: 2012, 85) ئەو کەسایەتیانە جۆرە کولتورێکیان دەوێت کە خزمەتی ئامانجە سیاسیەکانیان بکات ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریش ئەوان تێروانینی خۆیان دەسەپێننە سەر تێروانینە جۆراوجۆرەکانی تری هەمو جیهان کە لەوانەیە زۆر جیاوازتر تێگەیشتنیان بۆ جیهان و دیاردە جیهانیەکان هەبێت.

لێرەدا دەکرێت بگوترێت بابەتی وشیاری سیاسی، ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرتوە. چونکە تاک و کۆمەڵگەکان بەبڕیارە سیاسیەکان کاریگەر دەبن، کە بەهۆی دیاردەی بەجیهانیبون کەوتونەتە نێو کولتوری گەلان، کە بەشێوەیەکی مەبەستدار و بەرنامە بۆ دڕێژراو هەوڵدەدرێت کاریگەری لەسەر تاک، گروپ و کۆمەڵگەکان دروستبکرێت، یان وشیارییەکی ساختە و ماکیاژکراو پیشانبدرێت کە سیستمی نوێی جیهانی دەیەوێت. چونکە لەم سەردەمەدا هەڵگرانی پەیامی بەجیهانیبون بەپلەی یەکەم کار لەسەر ئەم جۆرە وشیاریە دەکەن (السعداوي: ٢٠٠٢، ١٤٩)

دادگەری کۆمەڵایەتیش نەک هەر لەفەرهەنگی بەجیهانیبوندا جێگای نابێتەوە، بەڵکو دژ بە پرەنسیپ و یاساکانی بازاری ئازادە، ئەوەتا لەم سەردەمەدا و لەسایەی بەجیهانیبونی سەرمایەداریدا بەچاوی خۆمان دەبینین چۆن کۆمەڵگەکانی ناوەند بەدەست چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن. ڕایسیزم خەریکە سەردەردێنێتەوە و لەپەرەسەندندایە. ڕۆژانە ڕێژەی تاوان هەڵدەکشێت. باندەکانی مافیا و بازرگانیی نامەشروع زیاتر تەشەنەیانکردوە. هەمو ئەمانە دەرەنجامی حەتمی سیاسەتە ئابوریەکانی بەجیهانیبونن، چ لەناو خودی وڵاتانی سەرمایەداری و چ لەوڵاتانی دونیادا بەگشتی.

بۆنمونە (ئولریخ بیک) دیاردەی بەجیهانیبون بە کردەی سیاسی وێنادەکات و پرسیار دەکات، دەڵێت بۆچی بەجیهانیبون کردەیەکی سیاسیە؟

دەڵێت چونکە بەجیهانیبون ڕێگا بۆ کۆمپانیا بازرگانی و یەکێتییەکانی خۆشدەکات کارە سەرمایەداریەکانیان لەدەرەوەی سنوری ناوچەکانی خۆیان ئەنجامبدەن، و لەهەمو ئەو ڕێگریانە ڕزگاریان بێت کەوا پێشتر بەشێوەیەکی دیموکراسیانە ڕێکخرابون و لەڕوی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئامادەکرابون، ئەوا لەم سەردەمەدا دەتوانن بەشێوەیەکی دیار و شاراوە، هەروەها دور لەچاوی کۆمەڵگەکان سەرمایەداری بکەن، نەک بەتەنیا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

لەبواری ئابوری، بگرە لەبواری کۆمەڵایەتی و سەرلەنوێ دارشتنەوەی کۆمەڵگەش ڕۆڵی زۆری دەبێت (بک: ٢٠١٢، ١٨)

(بیک) دەڵێت، زۆر کەس وایاندەبینی بەکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت و ڕوخانی دیواری بەرلین، سەرەتایەکی نوێ دەستپێدەکات و دەبێتە سەرەتای کۆتاییهاتنی سیاسەتکردن، هەروەها سەردەمێک دێتەکایەوە لەسەرو سۆسیالیستی، سەرمایەداری، یۆتۆپیایی و ئازادییەوە دەبێت. باوەڕوابو کە چەمکی بەجیهانیبون شوێن بەهەمو ئەو چەمکانەی تری پێشوتر چۆڵدەکات کە دارێژرابون و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدرا. کەچی دۆخەکە پێچەوانەبو، سیاسەتکردن کۆتایی نەهات، بەڵکو لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی ڕزگاری بو، سنوری دەوڵەتە نەتەوەییەکانی تێپەڕاند و فراوانتربو. بۆیە هەر کردارێکی بەجیهانیبونیش لەبنچینەدا دەرەنجامی کرداری سیاسیە و سیاسیەکان بەرهەمیانهێناوە، بەتایبەتیش لەبواری بەجیهانیبونی ئابوری. (بک: ٢٠١٢، ١٧) هێزەکانی بەجیهانیبون هەڕەشە لە دەوڵەت دەکەن بەوەی دەبێت ڕێژەی باج لەسەر سەرمایە کەمبکرێتەوە دەنا سەرمایەکانیان ڕادەگوێزن. بەزۆری زۆرداری بەسەر دەوڵەتەکانیاندا دەیسەپێنن، تا دەستبەرداری ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی ببن، واز لەخزمەتگوزارییە گشتیەکان بهێنن و دەبێت سیاسەتی ڕیفۆرمی پەیکەریی پەیرەوبکەن، و کرێی کار بێننە خوارەوە و کەرتی گشتی نەهێڵن.(میسری: ٢٠١٩، ٤٢)

بەڵام (ڕۆزینۆ) جیاواز لە (بیک) پێیوایە ئێستا سەردەمی دوای سیاسەتی نێودەوڵەتییە، پێویستە نوێنەرانی دەوڵەتی نەتەوەیی، سیاسەت و هێزی خۆیان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیە نێودەوڵەتییەکان بەشبکەن. چونکە ئەم ڕێکخراو و بزوتنەوانە لەڕوی چەندی و قەبارەشیانەوە گەشەی زۆریان بەخۆوە بینیوە، جگە لەمەش کاریگەری زۆریان لەسەر سیاسەتی جیهانی هەیە. نمونەی ئەمانەش وەک: ڕێکخراوی ئاشتی سەوز، ڕێکخراوی ژینگەپارێزی و هیتریش.(Beck: 2000, 34) هەروەها (ڕۆرینۆ) باوەڕیوایە سیاسەتی جیهانی لەمەودوا بەرەو فرەسەنتەری هەنگاودەنێت، واتە هیچکام لەسیاسەتی سەرمایەداری، دەوڵەتە نەتەوەییەکان، نەتەوە یەکگرتوەکان، بانکی نێودەوڵەتی و ئاشتی جیهانی، ناتوانن بە تاکلایەنانە بڕیار لەسەر سیستمی جیهانی بدەن. بەڵکو هەریەکە و هەوڵ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دەدات و سەرەڕای بونی جیاوازی لەچانسی هێز بۆ هەریەکەیان لەئارادایە .(Beck: 2000,35)

هەرچی (لیچنێر)ە بەهەمان شێوەی (بیک) ئەو سیستمە جیهانیە بەپرۆسەیەکی سیاسی هەژماردەکات و باس لەوەدەکات، کە چینی سەرمایەداری نێودەوڵەتی (TCC) چیتر بریتینییە لەو چینەی مارکیسەکان وێنایان کردبو، کە سودیان لەئامرازەکانی بەرهەمهێنان وەردەگرت. بەڵکو ئەم جۆرە لەسەرمایەداری، ئەندامەکانی بەشداری سودە جیهانی و ناوخۆییەکان بەیەکەوە دەکەن. ئەوان بەدوای کۆنترۆڵکردنی ئابوری دەگەڕێن لەشوێنی کارکردن، کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی و هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئایدیۆلۆژیای کولتوری، و لەژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەگەڕێن. ئەوان دەیانەوێت هاووڵاتی جیهانی بن. هەروەک چۆن هاووڵاتی ناوخۆیی بن یان هاووڵاتی شوێنی لەدایکبون بن، ئەوان دەیانەوێت بەشداری لەشێوازی ژیانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

هاوبەش بکەن، بەتایبەتی لەشێوازەکانی خۆشگوزەرانی لەئاستی کەلوپەل وخزمەتگوزاری (Lechner and Boli: 2012, 60).

بەرای توێژەریش وادەردەکەوێت بەجیهانیبون کردەیەکی ئایدیۆلۆژی بێت پێش ئەوەی کردەی سیاسی یان ئابوری یان هەر بوارێکیتر بێت، چونکە ئاراستەیەکی بیرکردنەوەی تایبەت هەیە، کەوا نوخبەیەکی ئایدیۆلۆژیست سەرکردایەتی دەکات، لەرێی قۆرخکردنی راگەیاندن، ئابوری، سیاسەت و کولتور دەیەوێت جۆرێک لە بیرکردنەوە هەژموندار بکات بەسەر هەمو جیهان، هەر لایەنێکیش قبوڵی نەبێت، بە نەیار، دواکەوتو و تیرۆریست یان بەهۆی بریارە سیاسیەکان و مەرجی ئابوری فشاریان دەخرێتە سەر و پەراوێز دەخرێن. ئەمەش سیفەتی هەژمونداریيە کە پێدەچێت هەر هێزێکی هەژموندار هەوڵی بەهێزتربون و مانەوی خۆی دەدات لەرێی ئامرازی جۆراوجۆر لە هەر سەردەمێک و شوێنێک بێت.

## یەکەم: هەردو چەمکی ناوەند و پەراوێز لەروانگەی (ڤالتێر ڤالرشتاین):

هەردو چەمکی ناوەند و پەراوێزیش لەنێو توێژەرانی جیهانی سێیەم ئاماژەی بەرچاوی هەبو، کەوا لەسەر دەستی (ڤالتێر ڤالرشتاین) لەهەشتاکانی سەدەی بیستەم گەشەیانکرد، و دەڵێت چەمکی ناوەند و پەراوێز لەشیکاری سیستمی نێودەوڵەتی دو چەمکی پەیوەندیداریین، تەنیا دو وشەی کۆکراوە لەیەکتری نین، تەنانەت هەر چەمکە و مانای سەربەخۆی لەویتر هەیە. (Wallerstein:2004, 17) ڤالرشتاین دەڵێت، ئەم سیستمە نێودەوڵەتیە نوێیەی ئێستا، لەبنچینەدا لەوەتەی سەدەی شانزە دەستی بەدروستبون کردوە، بەڵام تەنیا لەبەشێکی جیهاندا هەبو، ئەویش ئەوروپا و هەردو ئەمریکا بون. بەڵام بەپێی تێپەربونی کات لەهەمو جیهان بڵاوبویەوە، ئێستاش ئەو سیستمە بوەتە ئابوریەکی جیهانی –سەرمایەداری. کەوا لەدو زاراوە پێکهاتوە، ئەوانیش زاراوەی ئابوری جیهانی و سەرمایەدارین.

سەبارەت بە زاراوەی یەکەم کە ئابوری جیهانییە، بریتییە لەو بوارە جوگرافیە گەورەیەی کەوا سیستمی دابەشکردنی کاری تێدا بەربڵاوە، بەهۆیەوە ئاڵوگۆرێکی زەبەلاحی کەرەستە سەرەتایی و بنچینەییەکانی تێدا بەکاردێت. یەکێک لەخەسلەتەکانی ئابوری جیهانیش ئەوەیە بەبونیادێکی سیاسی دیاریکراو سنوردارنەکراوە، بەڵکو چەندین یەکەی سیاسی بەیەکەوە گرێدراون. ئەم یەکە سیاسیانەش لەسیستمی نوێی جیهانیدا بەشێوەیەکی بەهێز و تۆکمە گرێنەدراون. ئەم ئابورییە جیهانیەش چەندین کولتور و گروپی جیاجیای ئاینی، نەتەوەیی و شێوە ژیانی جیاجیا لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لێکچون و هاوتایی سیاسی و کولتوری لە ئابوری جیهانی زیاتر بەهۆی سیستمی دابەشکردنی کارە(Wallerstein: 2004, 23).

هەروەها (ڤالرشتاین) پێیوایە، لەسیستمی نوێی جیهانیدا چەندین بازاری گریمانەیی لێکچو هەن، کەچی بازارێکی گریمانەیی جیهانی هەیە، هەمو رەگەزەکانی بەرهەمهێنان لەخۆدەگرێت. ئەم بازارە گریمانەییەش وەک موگناتیسە بۆهەمو بەرهەمهێن و داواکارانی، دەتوانرێت کاریگەری لەدروستکردنی بریاری جیهانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

هەبێت، هەرچەندە هەندێکجار لەلایەن هەندێک لایەن بڕیارەکانی پەکدەخرێن یان ڕێگرییان لێدەکرێت (Wallerstein: 2004, 25).

(ڤالرشتاین) تیشکدەخاتە سەر ئەو ناهاوسەنگیەی لەنێوان دەوڵەتان هەیە، و بەکردەیەکی پلانبۆداڕێژراوی سیاسی دادەنێت، و دەڵێت پەیوەندی نێوان وڵاتانی بەهێز و وڵاتانی لاواز لەڕێی فشار خستنەسەریانە بەهۆی:

١- کردنەوەی سنوری دەوڵەتەکانیان بەڕوی کۆمپانیاکان، کە قازانج و سودەکەی بۆ دەوڵەتانی بەهێز و ناوەند دەگەڕێتەوە.

٢- هەروەها بەهۆی فشارخستنە سەریانە بەدامەزراندنی چەند کەسایەتیەک، کە لای دەوڵەتە بەهێزەکان پەسەندکراوبن، تا لەسەر کورسی دەستەڵات بمێننەوە، بۆئەوەی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی دەوڵەتانی بەهێز بپارێزن.

٣- سەرەڕای ئەوانە، پەیوەندی دەوڵەتانی بەهێز لەگەڵ دەوڵەتانی لاواز لەڕێی فشارخستنە سەریانە بەهۆی پەسەندکردنی هەندێک لەچالاکی کولتوریی دیاریکراو، وەک سیاسەتی زمانەوانی، سیاسەتی فێرکاری و جۆری ڕاگەیاندنەکانیان.

٤- دەبێت بەپێی ئەو پلانانەش هەڵسوکەوتبکەن کە لەگۆڕەپانیی نێودەوڵەتی جێبەجێدەکرێن، وەک بەڵێننامەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

٥- هەروەها دەوڵەتە بەهێزەکان پاراستنی سەرکردەی دەوڵەتە بێهێزەکان لەئەستۆدەگرن، بەرامبەر پاراستنی سەرمایەدارانی دەوڵەتانی بەهێز لەلایەن دەوڵەتە بێهێزەکان.

هەروەها دەڵێت لاوازترین دەوڵەتەکانیش بریتین لەو دەوڵەتانەی کە ناودەبرێن بەداگیرکراوان (مستعمرات) واتە ئەو یەکە کارگێڕیانەی کە شکۆمەندییان نییە و لەژێر حوکمی دەوڵەتێکیترن. بنچینەی دەوڵەتانی داگیرکراویش بۆمەبەستی فراوانکردنی ئابوری سیستمی جیهانییە(Wallerstein: 2004, 55)

هەرچی سەبارەت بەڕۆڵی دەوڵەتە نیمچە پەراوێزەکانە، ئەم دەوڵەتانە خاوەن هێزێکی ناوەڕاستین لەهەرەمەکە، هەمو وزە و توانای خۆیان بەگەردەخەن، لەپێناو مانەویان لەو پێگەیەی هەیانە وەک هێزێکی ناوەڕاستی هەرەمەکە. هەرچەندە هەوڵ و کۆشش دەکەن تا پێگەکەیان بەرزتر بکەنەوە و بچنە ڕیزی دەوڵەتە ناوەندەکان. ئەم دەوڵەتە نیمچە پەراوێزخراوانە دەستەڵاتی خۆیان لەسەر هەردو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەکاردێنن، بۆئەوەی پێگەکەیان بەرزتر بکەنەوە وەک دەوڵەتێکی بەرهەمهێن، خاوەن سەرمایەداری و هێزێکی گەورەی سەربازی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەوڵەتانە لەبەردەم دو ئەگەر دان، یان لەبەرزکردنەوەی پێگەکەیان سەرکەوتو دەبن، یان شکست دێنن و دەبنە دەوڵەتی پەراوێزخراو(Wallerstein: 2004, 56- 57)

لێرەدا توێژەر وایدەبینێت بۆچونەکانی (ڤالرشتاین) ڕاستبن، بەو پێیەی سیستمی نوێی جیهانی کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەپلەی یەکەم سەرکردایەتیدەکەن، دۆخێکی تاڕادەیەک نالەباریان خوڵقاندوە، کە بەهۆیەوە وڵاتانیتر بەئاسانی نەتوانن ئەو دۆخە نالەبارەیان لەڕوی سیاسی، ئابوری و کولتوری تێپەڕ بکەن، بەڵکو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

دەوڵەتانی ناوەند لەچەندین ڕووەوە توانیویانە ڕێگا لە دەوڵەت و کۆمەڵگە جیهانییە پەراوێزخراوەکان بگرن، تا نەتوانن هەر هەنگاوێکی کرداری بنێن و بەرەو گەشـــەســـەندن بچن. بۆنمونە لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەک ســـــندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، و بونی مافی ڤیتۆ بۆ چەند وڵاتێکی دیاریکراوی زلهێز، هەروەک (ول سوینکا) Wole Soyinka ئەدیب و شۆڕشگێڕ لەدیمانەیەکدا ڕای خۆی لەســـەر ســـیســـتمی نوێی جیهانی دەردەبڕێت و ڕەخنە لەو ســـیســـتمەی بەجیهانیبون دەگرێت، دەڵێت ســـیســـتمی نوێی جیهانی هیچکات نایەتەدی، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە دیموکراســـی باڵ بەســـەر هەمو جیهاندا دەکێشـێت. بۆنمونە، پێدانی مافی ڤیتۆ بەچەند دەوڵەتێک کۆک نییە لەگەڵ سـیسـتمی نوێی جیهانی، دەبێت ئەم مافە ئیتر نەمێنێت، ئەوکاتە ئومێد پەیدادەبێت، کە عەقڵ و لۆژیک زاڵدەبن بەســـەر کارکردنی دەســـتەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن...هتد. (کۆمەڵە وتار، ٢٠٠٧، ١٥٧)

(ڤالرشـتاین) پێیوایە بەگشـتی دو ڕێگای جیاواز هەن، دەوڵەتە زلهێزەکان بەهۆیانەوە کۆنترۆڵی جیهان بکەن، ئەوانیش:

یەکەم: بەهۆی گۆڕینی ئابوری جیهانی بۆ ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی.

دوەم: بەهۆی دروستکردنی هەژمونی خۆیان لەم سیستمە جیهانیە نوێیە.

لێرەدا پێدەچێت بۆچونەکانی (ڤالرشـــتاین) ڕاســـتبن، بەو پێیەی ســـیســـتمی نوێی جیهانی کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەپلەی یەکەم سەرکردایەتی دەکەن، دۆخێکی نالەباریان خوڵقاندوە، کە بەهۆیەوە دەوڵەتانیتر بەئاسانی نەتوانن ئەو دۆخە نالەبارەیان لەڕوی سیاسی، ئابوری و کولتوری تێپەڕێنن، بەڵکو دەوڵەتانی ناوەند لەچەندین ڕووەوە توانیویانە ڕێگا لە دەوڵەت و کۆمەڵگە جیهانییە پەراوێزەخراوەکان بگرن تا نەتوانن هەر هەنگاوێکی کرداری بنێن بەرەو گەشـــەســـەندن بچن. بۆنمونە لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ســندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی، ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکان، و بونی مافی ڤیتۆ بۆ چەند وڵاتێکی دیاریکراوی زلهێز، هەروەک (ول سـوینکا) ئەدیب و شـۆڕشـگێڕ لەدیمانەیەکیدا ڕای خۆی لەسـەر سـیسـتمی نوێی جیهانی دەردەبڕێت، و ڕەخنە لەو سـیسـتمەی بەجیهانیبون دەگرێت، دەڵێت سـیسـتمی نوێی جیهانی هیچکات نایەتەدی تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە دیموکراسـی باڵ بەسـەر هەمو جیهاندا دەکێشـێت. بۆنمونە، پێدانی مافی ڤیتۆ بەچەند وڵاتێک هاوکۆک نییە لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانی، دەبێت ئەم مافە ئیتر نەمێنێت، ئەوکاتە ئومێد پەیدادەبێت، کە عەقڵ و لۆژیک زاڵدەبن بەسـەر کارکردنی دەسـتەڵاتی یاسـادانان و ڕاپەڕاندن...هتد. (کۆمەڵە وتار، ٢٠٠٧، ١٥٧)

بەڵام ئەم دۆخە مانای ئەوە ناگەیەنێت هەمو ئۆباڵی خراپی و ناهەمواری ژیانی دەوڵەتانی پەراوێزخراو و دواکەوتو دەکەوێتە ئەسـتۆی دەوڵەتانی ناوەند و هەژموندار، بەڵکو تاڕاددەیەکی ئۆباڵەکەی لەئەسـتۆی خودی ئەو کۆمەڵگە دواکەوتوانەیە، چونکە لە جیهاندا چەندین نمونەی وەک مالیزیا، ســـەنگاپور، هەرێمی تایوان و هیتریش هەن، کە بەهۆی زیندوێتی کۆمەڵگەکەیان توانیویانە ببنە یەکێک لەو دەوڵەتانەی هیچ نەبێت لەپەراوێزخراوی و دواکەوتویی ڕزگاریانبێت، تەنانەت ڕۆڵیشـــیان لە دارشـــتنی ســـیاســـەتی جیهانی و ئابوری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

جیهانی هەبێت. چونکە کاتێک کۆمەڵگەیەک ڕوبەروی دۆخێکی ناهەموار و خراپ دەبێتەوە بەهەر هۆیەک بێت، ئەوا پێویستە ئەو کۆمەڵگە هەوڵ و کۆشـشـی زیاتر و قوربانیی زیاتر بدات، تا بەرەنگاری دروست بکات، بۆنمونە، هەر یەکێک لە ئێمە لەسەر ئاستی تاکی لەژیانماندا ڕوبەڕوی هەندێک ئاستەنگ بوینەتەوە، وەک ئەوەی قوتابییەک توانای ژمێرکاری یان فێربونی زمانەکانی لاوازە، بەلام بەهەوڵدانی بەردەوام و زیاتر دەتوانێت هیچ نەبێت تاڕاددەیەک بەسەر ئەو گرفتەیە زاڵبێت.

هەرچی (ڕۆناڵد ڕۆبێرتسۆن)ە، جیاواز لە (ڤالرشتاین) باس لەو جیاوازیانەی بەهۆی دیاردەی بەجیهانیبون دروستبون دەکات، و دەڵێت دیاردەی بەجیهانیبون هەردەم پەیوەستە بەشوێنیبون، واتە کۆمەڵگە داخراوەکان و بواری کولتورییان هەمیشە دەبنەهۆی مشتومڕی بەجیهانیبون. تێڕوانینی بنەڕەتی وشەی بەجیهانیبون ئەوەیە، بەجیهانیبون واتە شێوەیەکی میکانیکی وەرناگرێت کەوا خاوەنی یەکڕەهەند بێت، لەیەک لایەنەوە بگوازرێتەوە بۆ هەمو بەشەکانیتری جیهان، بەڵکو بەجیهانیبون شێوەیەکی ئۆرگانی هەیە و هەموان بەشدارن لە بونیادنانیدا. هەروەها سەرلەنوێ دارشتنەوەی ناوچەیی هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی سنوربەزێن، میکانیزمی پەیوەستی ناوچەییش بگرنەبەر. واتە لەلایەک بەرهەمەکانیان بەپێی ناوچەیەک دروستبکەن، لەلایەکی تریش هێما و دروشمی گشتگیر و جیهانی لەماددەی کولتورە ناوچەییەکان دابڕێژن، بەم پێیەش کولتوری ناوچەیی هەر بەزیندویی دەمێنێتەوە (Beck: 2000, 45– 46).

## دوەم: مشتومری هەریەکە لە (ئۆلریخ بیک Beck و ئەنتۆنی گیدنز Giddens) سەبارەت بە کاریگەریەکانی بەجیهانیبون:

هەریەکە لە (بیک) و (گیدنز) تاڕاددەیەک بۆچونی جیاوازیان سەبارەت بە کاریگەری بەجیهانیبون و ئاسەوارەکانی هەیە، ئەوەتا (بیک) تیشکدەخاتە سەر ئەو لێکەوتە خراپانەی کە گوماندەکرێت لەداهاتودا ببنە هەرەشەی وێرانکار لەسەر مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی، لەڕێی خستنەروی تیۆرێک هەوڵیداوە باس لەو مەترسیانەی کە ئەگەری ڕودانیان هەیە لەداهاتوی کۆمەڵگەی جیهانی، ئەویش (تیۆری کۆمەڵگەی سەرچڵی جیهانیی)یە، دەڵێت تیۆری کۆمەڵگەی سەرچڵی جیهانی، هەوڵی وەڵامدانەوەی چەمکی کۆمەڵگەی سەرچڵی جیهانی دەدات لەڕێی دو وەڵام. وەڵامێکیان واقعییە، و ئەوەی تریان بونیادییە.

سەبارەت بەوەڵامدانەوەی واقعی، دەڵێت گەشەسەندنی پیشەسازی جیهانی شانبەشانی هێزی جیهانی وێرانکاری زیاددەکەن، واتە هەرچەندی هێزی گەشەسەندنی بەرهەمهێنان گەشەیکرد، ئەوا لەبەرامبەردا هێزی وێرانکاریش زیاددەکات. ئەمەش دەبێتە مایەی داینامیکیەتی ململانێی نوێ لەنێوانیان، بەلام شوێنەوارەکانی نادیار دەبن. دەڵێت سەرچڵیەکانیش لەسەدەی بیستویەک زیاتر دەردەکەون، بۆنمونە وەک گەرمبونی گۆی زەوی کە زیانە ژینگەییەکانی بەشێوەیەکن نازانرێت چەند دەبێت. لێرەدا هێزی کردەیی لەمۆدیلی ڕێڕەوی گەشەی کۆمەڵگەکان لەڕوی پیشەسازییەوە خۆی دەردەخات، کە بەپێی دو قۆناغی گەشەسەندن دەردەکەوێت، ئەوانیش بریتین لە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

قۆناغی یەکەم، کاروباری چینایەتی و کۆمەڵایەتی هەژمونی خۆی باڵادەستکردبو. هەرچی قۆناغی دوەمە، کاروباری ئیکۆلۆژی هەژمونی خۆی باڵادەستکردوە، واتە گرفتی ئیکۆلۆژی شوێنی گرفتی چینایەتی گرتۆتەوە، ئەمەش دڵەڕاوکێ زیاتردەکات، بەهۆی چونەناویەکی تەنگژەی ژینگەیی و تەنگژەکانی تایبەت بەبازاڕی ئازاد (بیک: ٢٠٠٦، ١٦٩- ١٧٠)

(ئۆلریخ بیک) باوەڕیوایە کۆمەڵگەی جیهانی دوچاری چەندین تەنگژەی وەک ژینگە و تەندروستی دەبێتەوە، جگەلەمانەش دوچاری تەنگژەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانیش دەبێتەوە، وەک گۆڕانکاری لەجۆری کارکردن، هەستکردن بەنەبونی ئاسایشی پیشەیی، گەمارۆدانی ناسنامەی کەسی بەهۆی دابونەریتەکان، داخوران و لاوازبونی خێزانی نەریتی و هیتر(غدنز: ٢٠٠٥، ١٤٣)

تیۆری کۆمەڵگەی سەرچڵی جیهانی، جیاوازیش لەنێوان سەرچڵیە نەریتی و نوێیەکان دەکات، گریمانەی ئەوە دەکات، جۆرەکانی سەرچڵیە نوێیەکان کە پێشبینی ڕوداوە جیهانییەکان دەکەن و بنەماکانی کۆمەڵگە نوێیەکان دەهەژێنن، ئەم سەرچڵیانەش سێ سیمایان هەیە:

١- نەبونی چەق یان ناسەنتەری (عدم التمرکز): بەدواداچونی ڕوداوەکەیە، بۆئەوەی چاودێری بکرێت کە کارێکی نەکردەیە، چونکە شوێنەوای ڕوداوەکە نازانرێت چەندە و تاکوێیە. شوێنەواری پاشماوەکانی لەشوێنێکی جوگرافی دیاریکراو قەتیس نامێنن، بەڵکو لەهەمو شوێن و لەهەمو کاتێک ئەگەری هەبون و ئەگەری جێهێشتنی پاشماوەکانی لەئارادایە.

٢- شیاوی ژماردن و پێوانەکردن نییە: ڕوداوەکە لەڕوی کات و شوێنی دیاریکراو نییە، بەوپێیەی کە ڕوداوەکە سەرەتای هەیە و دیارە، بەڵام کۆتاییەکەی نادیارە و یەکلەدوای یەکە و جۆراوجۆر دەبێت، هەروەها ئەنجامەکانی ناژمێردرێن، چونکە سەرچڵیەکانی گریمانەیین.

٣- شیاوی قەرەبوکردنەوە نین: لەنوێگەری یەکەمدا زیانەکان دەکرا قەرەبوبکرێنەوە، یان زیانەکانی لەڕێی دارایی چارەسەر بکرانایە. بەڵام لەنوێگەری دوەمدا زیانەکانی جیهانین کە ناتوانرێت دەستنیشان بکرێن و سنورەکانی دیاریبکرێن و ناشتوانرێت چاک بکرێنەوە. کاتێک گۆڕانی کەشوهەوا ڕویدا کە نەتوانرێت چارەسەربکرێت، و کاتێک زانستی بۆماوەیی جینی کە مرۆڤ دەستکاریدەکات، چارسەرنەبن، هەروەها کاتێک گروپە تیرۆریستیەکان چەکی کۆمەڵکوژ و ئەتۆمییان دەستکەوت. ئەوا چارەسەریەکان زۆر درەنگ دەبن(بیک: ٢٠٠٦، ٦٥، ١٠٤)

(بیک) دەڵێت جیاوازی یەکلاکەرەوە و بنەڕەتی لەنێوان سەرچڵی نەریتی و نوێ ئەوەیە، دەرەنجامی بڕیارە مەبەستدارەکانە کەوا بەهۆی تەکنۆلۆژیا و پیشەسازییە زەبەلاحەکانەوە دروستبون، ئەم بڕیارانەش لەلایەن ڕێکخراوە حکومی و تایبەتیەکانەوە دراون، بۆمەبەستی بەرژەوەندی ئابوری. چونکە ئەم سەرچڵیانە ڕوێکی نادیاری پێشکەوتنن، کە ناکرێت پشتگوێ بخرێن. هەرئەم سەرچڵیانەش خۆمان بەرهەممانهێناون، کە بەهۆی پەیوەندی مەعریفەی تەکنۆلۆژی و سود و قازانجی ئابوری دروستدەبن. هەروەها جیاوازن لەو هەڕەشە و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

سەرچڵیانەی کە بەهۆی جەنگەکانەوە دەخولقێن، بەڵکو سەرچڵیەکان بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە دێنە نێو جیهان و لەشوێن و سەنتەرە عەقڵانیەکان پێدەگەن.(بیک: ٢٠٠٦، ٦١– ٦٢)

بەڵام لەبەرامبەردا (گیدنز) پێیوایە (بیک) زیادەڕۆیی لەو مەترسیانە کردوە، کە گوماندەکرێت بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبونەوە ڕوبدەن، بەڵکو دەڵێت سەرچڵی RIS هەمیشە پێویستی بەوە هەیە ڕابهێنرێت. ژیانیش لەسایەی بەجیهانیبوندا مانای گونجانە لەگەڵ هەڵوێستی تازە و جۆراوجۆری سەرچڵیەکان. ڕەنگە پێویست بەدەستپێشخەری هەبێت، نەک تازەکردنەوەی زانست و شێوەکانیتری گۆڕانکاری(Giddens: 2002, 87). بۆ نمونە (حەننا ئەرندت) پێیوایە سیاسەت لەئەنجامی پەیوەندی نێوان ئەو مرۆڤانەی کە لەجیهانی جیاجیان و دونیابینی جیاوازیان هەیە، دروستدەبێت. بۆیە (ئەرندت) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو ڕوداوانەی مرۆڤ لەسەدەی بیستەم خولقاندویەتی، پێدەچێت مرۆڤ بەهۆی بەهرەکانی پەرجو بخولقێنێت بەشێوەیەکی نادیار و سەرنجڕاکێش تا دورترین ئاست. بەومانایەی مرۆڤ توانای ئەنجامدان و دەستپێشخەرییەکانی هەیە و دەتوانێت بۆهەر کردەیەک سەرەتایەکی نوێ بدۆزێتەوە. هەروەها هەر مرۆڤێک کاتێک دێتە نێو ئەم جیهانە کە پێشتر ئامادەبوە و هەیە و دوای ئەویش جیهان هەردەمێنێت، مانای ئەوەیە بۆهەر مرۆڤێک سەرەتایەکی نوێیە. (بیک: ٢٠٠٦، ٩٨– ٩٩)

هەریەکە لە (ئولریخ بیک، ئەنتۆنی گیدنز و سکۆت لاش) چەمکی نوێگەری دژیان بەدو ئاراستەی پێچەوانە گەشەپێدا، بەڵام لەهەمانکاتدا پەیوەندیداربون بەیەکەوە. سەبارەت بەئاراستەی یەکەم کە (گیدنز و لاش) خستویانەتەڕو، چەمکی نوێگەری دژ دەبەستنەوە بەزانین و تێڕوانینی بنەما، ئەنجام و گرفتەکانی نوێگەری. هەرچی ئاراستەی دوەمە، کە (بیک) خستویەتەڕو، ئەوەیە لەبنەڕەتدا بەرهەمی شوێنەوارەکانی نوێگەرین. کە ئاراستەی یەکەمیان زانینی کاریگەرییەکانی نوێگەرین، کەچی لەئاراستەی دوەمیان ڕەخنەگرتنە لەنوێگەری، کە پێویستی بەکردەی پێچەوانەیە یان گۆڕینی ڕێڕەوی نوێگەریە، شانبەشانی زانینی لێکەوتەکانی. (بیک: ٢٠٠٦، ٢٢٣– ٢٢٤) لەلایەکیتر (بیک) پێیوایە کۆمەڵگەی پیشەسازی خۆی ئاسەوارە نەرێنی و سەرچڵیەکان دروستدەکات، بەڵام بەهۆی ململانێی سیاسیەکان، ئەو سەرچڵیانە ئاشکرا ناکات. هەروەها دامەزراوەکانی تایبەت بەکۆمەڵگەی پیشەسازی سەرچڵیەکان بەرهەمدێنن بەشێوەیەک، کە ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێن، هەر ئەم دۆخە ناهەموارەش وایکردوە کۆمەڵگەیەکی سەرچڵی بخولقێت.

لێرەدا کۆمەڵگەی سەرچڵی دەبێتە پەرچەکرداری چەمکی نوێگەری، بەڵام بەشێوەیەک کە کاری یەکەمین و پێشینەی بریتی دەبێت لەڕوبەڕوبونەوەی خود، واتە کۆمەڵگەی سەرچڵی کەوا بەهۆی گەشەسەندنی پیشەسازی دروستبوە، پێویستە بەخۆی بەرەنگاری ئەو هەڕەشە و سەرچڵیانە ببێتەوە کە خولقاندویەتی. دەکرێت ئەم بەرەنگاریەش بەهۆی گۆڕینی هەژمونی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانە بێت لەڕێی گۆڕینی بیرکردنەوە، ڕەفتاری کەسایەتیەکان، و دامەزراوەکانیان بێت. چونکە کۆمەڵگەی سەرچڵی ناکرێت سەرپشککاری (اختیاری) بێت و لەڕێی مشتومڕی سیاسی بڕیاری لەسەر بدرێت، کە هەنگاوەکانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

بەرەنگاربونەوەی جێبەجێ بکرێن یان نا، بەڵکو سەرچڵیەکان هەڕەشەی ڕاستەقینەن و پێویستە بەرەنگاری ببنەوە (بیک: ٢٠٠٦، ٢٠٧)

هەروەها (بیک) پێیوایە سادەییە ئەگەر پێمانوابێت دیاردەی بەجیهانیبون هەرلەخۆیەوە دروستدەبێت و وشیاری جیهانی لەنێو تاک، گروپ و کۆمەڵگەکان خۆی بالادەستدەکات. بەڵکو وشیاری جیهانی و دیاردەی بەجیهانیبون بەهۆی تەنگژەکان دروستدەبن، ئەم تەنگژە جیهانیانە هێز، ڕێکخراو و کۆمەڵگەکان ناچاردەکات هاریکاری جیهانی دروستبکەن، بۆئەوەی بەرەنگاری سەرچڵیەکان ببینەوە و کاری هاوبەش ئەنجامبدەین . (بیک: ٢٠٠٦، ٣٢٨)

بەڵام لەڕوانگەی (ئەنتۆنی گیدنز) بەجیهانیبون کولتوریە و لەگەڵ پەیوەندیەکان ئاوێتەبوە، گرنگترین هێزیش لەپرۆسەی بەجیهانیبوندا کە ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت، بازاڕە ئابوریەکان یان لینکی ئابوری نییە، بەڵکو بەهۆی کاریگەری پەیوەندیەکانە، کە بەشۆڕشی پەیوەندیەکان ناسراوە . (عیسی: ٢٠٠٨، ٥٧)

هەروەها (گیدنز) پرۆسەی بەجیهانیبون بە توندوتۆڵبونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پێناسەدەکات، ئەو پەیوەندیانەی کە کۆمەڵگە دور لەیەکترەکانی خستۆتە ژێرکاریگەری ئەو ڕوداوانەی لەکۆمەڵگەیەک یان لەناوچەیەکیتر ڕودەدەن کە زۆر لێیانەوە دورە. ئەم جۆرە پەیوەندیەش دیالێکتیکیە، کەچی ئەم بابەتە هەندێک گوشاری نوێ و توانست بۆ سەربەخۆیی شوناسە لۆکاڵی و نەتەوەییەکان دەرەخسێنێت. (عیسی: ٢٠٠٨، ٥٧-٥٨)

هەریەک لە (بورتۆن Burton، بول Bull، و گیلپین Gilpin) لەگرنگترین ئەو بیرمەندانەن کەوا پێیانوایە بونی دەوڵەتی نەتەوەیی گرنگە بۆ پرۆسەی بەجیهانیبونی ئابوری. (بورتۆن) دەڵێت بەتوێژینەوە لەکۆمەڵگەی جیهانی، شیکردنەوەی گونجاو بۆ پرۆسەی بەجیهانیبون دەکرێت، چونکە پەیوەندی نێوان دەوڵەتە نەتەوەکان لەسەر ئاستی جیهاندا ڕەگەزی سەرەکی کۆمەڵگەی جیهانییە، هەروەها (بوڵ) پێیوایە گرنگترین شێوازی پرۆسەی بەجیهانیبون، دروستبونی دەستەڵاتێکی یەکگرتوە کە یان لەگەڵ دەوڵەتی جیهانیە یان دژیەتی. هەرچی (گیلپین)یشە، دەڵێت بەجیهانیبون واتای بەکەرەستەبونە، بەکەرەستەبونیش دەرەنجامی سیستەمی سەرمایەدارییە. کەواتە فراوانبونی سیستەمی سەرمایەداری بەواتای پەرەسەندنی پرۆسەی بەجیهانیبونە. جگە لەمانەش (گیلپین) دەڵێت بەجیهانیبون وابەستەی چالاکی سیاسی، سەربازی و جێگۆڕکێی هێز و دەستەلاتی دەوڵەتەکانە.(حسین: ٢٠١٤، ١٥- ١٦)

(ئەنتۆنی گیدنز) ئەو جارە باس لەوەدەکات کە ئێمە لەسایەی بەجیهانیبونەوە هەمومان لەیەک جیهاندا دەژین، بەوپێیەی تاک، گروپ و نەتەوەکان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر وابەستەی یەکتری دەبن. هەروەها پێیوایە بەجیهانیبون بەرهەمی نوێبونەوەیە، واتە دەربازبونە لە دابونەریتەکان. هەروەها بەجیهانیبون هۆکارە تا هەر ڕوداوێک لەوپەڕی جیهانیش ڕوبدات، کاریگەری لەسەر هەمو جیهان هەبێت.(حسین: ٢٠١٤، ١٦) هەروەها (گیدنز) دەڵێت بەجیهانیبون چەند پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و تەنیا یەک لایەن لەخۆناگرێت، و مۆدێلێکی پێچەوانەیە لەگەڵ جیهانی لاسایی. زۆربەی خەڵکیش باوەڕیانوایە بەجیهانیبون شێوە سادەکەی ڕامالینی هێزە یان کاریگەری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

کۆمەڵایەتی لۆکاڵی و نەتەوەگەرییە بەرەو جیهانگیری. نەتەوەکان هەندێک هێزی ئابوریان لەدەستدەدەن کە پێشتر هەیانبو، ئەمەش کاریگەری پێچەوانە لەسەر هێز و کۆمەڵگە لۆکاڵیەکان بەجێدێڵێت. بەجیهانیبون تەنیا بەرەوپێشچون نییە لەهەمو بوارێک و بۆ هەمو کەس و گروپێک، بەڵکو لەهەندێک بوار بۆ هەندێک کەس و لایەن داتەپینە. هەر بەو بۆنەیەوە سۆسیۆلۆژیستی ئەمریکی (دانیال بێڵ) ئەمەی زۆرباش ڕونکردۆتەوە کاتێک دەڵێت نەتەوە ئەوەندە بچوک دەبێت، نەتوانێت کێشە گەورەکان چارەسەر بکات، تەنانەت کێشە بچوکەکانیشی پێ چارەسەر ناکرێت(Giddens: 2002,55-56).

(بیک) باوەڕیوایە مرۆڤایەتی لەئێستادا لەجیهانێکی فرەڕەهەند، فرەسەنتەر، فرەگریمانەیی و فرەسیاسی دەژین و ئەکتەری سنوربەزێن (عبر الحدود)ی نەتەوەیی مومارەسەی دەکەن، وەک مشک و پشیلە وان، چونکە کۆمەڵگەیەکی جیهانی بەبێ دەوڵەتی جیهانی و حکومەتی جیهانی، جۆرێک لە سەرمایەداری گشتگیری و پاشاگەردانی دەخوڵقێنێت، ئەمەش بەهۆی نەبونی هێزێکی هەژموندار یان بەهۆی نەبونی سیستمێکی نێودەوڵەتییە. (Beck: 2000, 117)

(بیک) دەڵێت هاورام لەگەڵ ئەو بۆچونەی (گیدنز) کە هەژمونی جیهانگیری پێویستە بۆئەوەی پارێزگاری لەسیستمی بازارگەری ئازادی نێودەوڵەتی بکرێت، چونکە ئەزمونی مێژویی ئەوەی بۆدەرخستوین نەبونی سیستمێکی هەژمونداری جیهانی، دەبێتەهۆی دوبەرەکی نێودەوڵەتی، بۆیە گروپێکی هەژمونداری جیهانی هەبێت تا بازاڕ لەچەند تۆڕێکی گشتی چڕبکرێتەوە و هەمو جیهان لەخۆبگرێت(Beck: 2000, 37).

کەچی (گیدنز) وایدەبینێت دەوڵەتی نەتەوەیی هێشتا بەهێزن و سەرکردە سیاسیەکانیش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەم جیهانە نوێیەدا، لەهەمانکاتدا دەوڵەتی نەتەوەیی دوبارە خۆی بونیاد دەنێتەوە، بەڵام سیاسەتی ئابوری نەتەوەیی وەک جاران کاریگەریی نەماوە. لەهەموی گرنگتر ئەوەیە پێویستە نەتەوەکان پێداچونەوە بەناسنامەی خۆیان بکەن، چونکە شێوەی کۆنی جیۆسیاسی بەسەرچوە. هەرچەندە ئەمە خاڵێکی شەڕانگێزانەیە کە دەورۆژێنرێت و نەتەوەکان ناچارن بە دوبارە پێداچونەوەیان بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان. هەروەها جەنگی ساردیش تواوەتەوە و چیتر نەماوە و نەتەوەکان دژی یەکترنین. بۆنمونە جەنگی کۆسۆڤۆ بریتی نیە لەجەنگی دو نەتەوە دژی یەکتر، بەڵکو ململانێی نێوان شێوازی کۆنی نەتەوەیی بەرامبەر خۆتێهەڵقورتاندنی ئەخلاقی نوێیە کە بەجیهانبون خوڵقاندویەتی (Giddens: 2002, 63).

(گیدنز) لەگەڵ (بیک) هاورایە لەو بۆچونەی سەرەوە و دەڵێت، ئێمە لەسەردەمیک دەژین کە خۆمان مەترسیەکان دەخولقێنین، هەروەها ئەو مەترسیانەی مرۆڤ خۆی دەستی تێدایە زیاترن و مەترسیدارترن لەو مەترسیانەی لەدەرەوە دێن، وەک مەترسی ئیکۆلۆژی (ژینگەیی)، بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی و قەیرانی ئابوری . بەڵام هەندێک مەترسی هەن ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە خۆراک، تەندروستی، خێزان و دروستکردنیشیانەوە هەیە. بەهەمان شێوەی (بیک)، ئەو باوەڕیوایە ئەو سەردەمە بەرەو فێندامێنتالیزممان دەباتەوە کە دژ بەبۆچونی زانستییە، هەربۆیە هەندێک لەبیرمەندە ئیکۆلۆژیەکان بونەتە دوژمنی زانست. هەرچەندە ئێمە لەئێستادا ئەو سیستمەمان نییە لەسەر ئاستی جیهان بواری چاودێریکردنی گۆڕانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

تەکنەلۆژیمان پێبدات، ئەمەش پێویســـــتی بەدیالۆگی جیهانی هەیە تاباشـــــترین ڕێگەچارە بدۆزرێنەوە . Giddens: 2002, 85– 86)

(گیدینز) دەڵێت، ململانێی نێوان ڕاهاتن و ســـەربەخۆیی لەیەکێک لەدو لایەنی بەجیهانیبوندا جێگیرە، لەلایەکی تریش پێکدادانی هەردو ئاراســتەی کۆزمۆپۆلیتی و فێندامێنتالی جێگیرە. چونکە فێندامێنتالیزم ئایدیۆلۆژیایەکی هەمیشەیی نییە، بەڵکو وەک پەرچەکردارێک دژی بەجیهانیبون دروستبوە.

فێندامێنتالیزمیش هەر جۆرێکیان بێت، ئەوا دەبێتە مایەی سەرئێشە بۆ بەجیهانیبون، چونکە بەلای توندوتیژی دەشکێتەوە و دژی بەها کۆزمۆپۆلیتیەکانە. هەرچەندە لەهەندێک باردا دەکرێت وادیاربێت فێندامێنتالیزم دژی تازەگەری و بەجیهانیبون نەبێت، بەڵکو هەندێک پرســـیار دەوروژێنێت، کە گرنگترینیان ئەوەیە، ئایا دەکرێت لەجیهانێکدا بژین کە شـــتە پیرۆزەکانی تێدانەمێنن؟ بەڕای (گیدنز)، ناتوانرێت بەبێ بەها پیرۆزەکان بژین، چونکە لێبوردەیی و دایالۆگ لەخودی خۆیاندا، دەبێت لەلایەن چەند بەهایەکی گشـتی ئاراسـتە بکرێن. چونکە پێویسـتمان بەپابەندبونە بەبەها ڕەوشـتیە گەورەکان، نەک شـتە بچوکەکانی ژیانی ڕۆژانە. ئەگەر وانەبێت هیچ کەسێک هیچ شـتێکی بۆنامێنێتەوە لەژیانیدا بۆی بژیت، ئەگەر بەهای ڕەوشـتی پیرۆز نەبن کە مرۆڤ بیەوێت لەپێناویدا بژیت.(Giddens, 2002, 104– 108)

توێژەریش هەر لەو بارەیەوە پرسـیارێک دەخاتە ڕو ئەویش ئەوەیە، ئایا دەکرێت مرۆڤایەتی لەڕوی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا دابەشـی سـەر چەند گروپ و هێزێکی جیاجیا بێت و لەهەمانکاتدا لەگەڵ یەکتر هەڵبکەن و ڕێز لە باوەڕ و ئایدیۆلۆژیای یەکتر بگرن؟ دەکرێت لەوەڵامدا ئەوە بگوترێت کە زۆر ئەســـــتەمە ڕوبدات، چونکە ڕێزگرتن لەباوەڕی ئەویتر و بەیەکەوە هەڵکردن بەبێ هیچ فشـــــارێکی باڵاتری چاکەویســـــت و ڕێنماییدەر، لەبنچینەدا وەک گوتەیەکی ناڵۆژیکی دێتە بەرچاو، بەڵکو تەنیا وەک ســـیاســـەتێکی دوفاقیی خۆی دەردەخات. لەناوەرۆکدا هیچ هێزێکی سەلامایەداری جیهانی نایەوێت ڕێز لە باوەڕ و بەرژەوەندی ئەویتر بگرێت و ئەمەش لەبەر بەریەککەوتنی بەرژەوەندی و دونیابینییانە. بۆیە ئەوەی لە ســـــیاســـــەتی هێزە جیهانیەکان دەبینرێت، لەوانەیە سـیاسـەتێکی دوفاقیی پەیرەو بکرێت، بۆئەوەی بتوانرێت بەشـێوەی ئاشـتیانە و دور لە وێرانکاری، سـیاسـەتەکانی گروپێک بەسـەر ئەویتر بسـەپێنرێت. بەتایبەتی لەم دۆخەدا کۆمەڵگە یان وڵاتە پەراوێزخراو و لاوازەکان قوربانی یەکەمی ئەم سیاسـەتی دوفاقیییەن. هەر بۆیەش توێژەر دیاردەی بەجیهانیبون لەهەمانکاتدا بەدیاردە و کولتورێکی لۆکاڵی هەژمار دەکات و لەڕێی شـێواز و تەکنیکی جۆراوجۆر هەوڵدەدرێت باوەڕەکانی وەک سـەرمایەداری، لیبرالی، یەکسـانی، ئازادی و هیتر بسـەپێنرێنە سـەر هەمو کۆمەڵگە لۆکاڵیەکانیتری جیهان. واتە ئەگەر باوەڕ یان ڕەفتارێکی سـودمەند و بەقازانج بۆ مرۆڤایەتی بەگشـتی هەبێت بەڵام ببێتە بەربەسـت بۆ باوەڕ و ڕەفتارێکی باوی ئێســـتای جیهانی کە هێزە باڵادەســـتەکان پشـــتیوانی لێدەکەن، ئەوا گوماندەکرێت بەتوندی ڕەتی بکەنەوە. بۆنمونە پیســـبونی ژینگە بەهۆی بۆمبی ئەتۆمی و کارگە زەبەلاحەکانی کۆمپانیا جیهانیەکان کە ســـیاســـەتی ئێســـتای ســـەرمایەداری خولقاندویەتی، زیان بەگۆی زەوی و هەمو مرۆڤایەتی دەگەیەنێت، ئەگەر دڵنیابن هێزێکی بەرامبەر دروستدەبێت و دەبێتە هەرەشە لەسەر بەرژەوەندییە ئابوریەکانیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە ترسناک و وێرانکارە، ئەوا لەوانەیە بەتوندی دژی بوەستنەوە و بەچەندین میکانیزمی جۆراوجۆری وەک گوتاری ڕاگەیاندن و ناشـــرینکردنی هێزی بەرامبەر یان لەرێی هەڵگیرســـانی جەنگ دژیان بوەستنەوە.

(ئۆلریخ بیک) ئەوە ناشـــارێتەوە کە دەڵێت ئەو تەنگژانەی لەداهاتودا چاوەڕواندەکرێن بەتایبەتی تەنگژەی پیسبونی ژینگە، وزەی ناوەکی و تەکنۆلۆژیای جینی، لەئێستادا بونەتە بڕیاری سیاسی بەهۆی هەستکردنی وشیاری گشتی بەمەترسیەکانی ئەم تەنگژانە. واتە لەئێستادا کۆمەڵگەیەک دروستدەبێت کە بەهۆی وشیاری گشتی ســەبارەت بە مەترسیەکان خۆی دروستدەکات و کۆمەڵگەیەکە ڕەخنەی خودی دەگرێت، بۆئەوەی دژەکردە ئەنجامبدەن (Beck: 2000, 99)

کەچی (گیدنز) لەوەڵامی ئەوەی کە (بیک) پێیوایە (ســـەرچڵی) لەداهاتودا بەرۆکی جیهان دەگرێت و هەریەکە لە چەکی ئەتۆمی، دەســـتکاریکردنی جینی و مەســـەلەی پیســـبونی ژینگە، هەڕەشـــەی گەورە و وێرانکەرن بۆ مرۆڤایەتی، کە بەهۆی ئەو ســیســـتمە ســـەرمایەداریەی جیهان دروســـتبوە. دەڵێت پرەنسیپی خۆپارێزی بەبەردەوامی یارمەتیمان نادات، یان شـێوازێکی گونجاو نیە شـانبەشـانی سـەرچلی بەکاربهێنرێت، چونکە سنوردانان بۆ ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و سیستمە زانیاریانەی ئێستا لەئارادان، کارێکی ناهاوسەنگە. چونکە پێشکەوتنەکانی ئێستا توشی سەرسوڕمانیمان دەکەن لەداهاتودا بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو سەرچڵیانە، بەوپێیەی هیچ گـــەرەنتیەک نیە ئەو گرفتـــانەی دێنەبەردەم مرۆڤـــایەتی توشـــی گرفتمـــان بکەن. بەڵام دەستبەرداربون لەم پێشکەوتنانەی جیهان دەمانباتە سەردەمی سیستمی کۆن، هەروەها چیتر وڵاتان ناتوانن بایەخ بەمەســـەلەی بەڕێوەبردنی مەترســـیەکان نەدەن، بەڵکو پێویســـتیان بەهاوکاری یەکتر هەیە :Giddens). 2002, 83– 85)

(گیدنز) دەڵێت هاورام لەگەڵ ئەو خاڵەی کە ئێمە لەجیهانێکی پەرتەوازە دەژین، کە بەمەترســـی زۆر دەورە دراوە. بەڵام پێویســـتە ئێمە شـــانبەشـــانی هەســـتکردن بەمەترســـیەکانی بەجیهانیبون، متمانە بەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەش بکەین، کە هەوڵ و کۆشـــشـــی زۆریان خســـتۆتە گەر، تا جیهانێکی دور لەمەترســـی و جەنگ برەخسێنن(غدنز: ٢٠٠٥، ٧٣٠)

بۆیـە توێژەر زیـاتر پشـــتیوانی لـەبۆچونی (بیـک) دەکـات و وایـدەبینێـت دیـاردەی بـەجیهـانیبون بـە ناتەندروســت و لەرێی چەند گروپ و لایەنێکی ســیاســی بەرژەوەندیخوازی ئابوری بەرەو پێشــەوە دەروات و قۆرخی ئابوری، ڕاگەیاندن، سیاسەت، هێزی سەربازی و کولتوری... هتد جیهانیان کردوە، بۆیە هیچ گرێنتیەک نیە ئەوان ڕێ بەکولتورە لۆکاڵی و گروپەکانیتری مرۆیی بدەن بەشـــدارییەکی ئاشـــتیانەی ئەو کێبرکێەی دارشـتنی سـیاسـەت، کولتور و گەشـەی ئابوری جیهان بکەن، بەڵکو ئەو گروپە سـیاسـییە بەرژەوەندیخوازانە گوماندەکرێت پەنا ببەنە بەر هێز بۆ یەکلاییکردنەوەی کێبرکێیەکە. چەندین جاریش ئەو حاڵەتانە ڕویانداوە، وەک ململانێی نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، و چین و ڕوســـیا بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و چەندین نمونەی تر. هەروەها لەلایەکی تر هیچ گرێنتیەک نیە لەهەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

دۆخێک کێبرکێی نێوان هێزە جیهانیەکان لەهەر بوارێک پەل بۆ ململانێ بهاوێژێت و بەریەککەوتنی هێزە زەبەلاحەکانی جیهانی لێبکەوێتەوە. بۆیە ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە هێز و کۆمەڵگە مەحەلیە بچوکەکان وەک کردەیەکی ئەستەم دێتە بەرچاو، کە هەرگیز ئاسان نابێت بیانەوێت کێبرکێ لەگەڵ ئەو هێز و گروپە جیهانییە بەرژەوەندیخوازانە بکەن و ئەوانیش جێپەنجەیان لەدارشتن و بونیادنانی سیاسەت و کولتوری جیهانی هەبێت.

جگە لەمانەش بەجیهانیبون هەرچەندە لەهەندێک لایەن کەموکورتی و زیانی هەیە بۆ گەل و نەتەوەکان بەگشتی، وەک لاوازبونی سەروەری حکومەت و دەوڵەتان، هەروەها سیاسەتێکی جیهانی و گشتگیری کۆنترۆلی سیاسەتی لۆکاڵی دەکات، چیتر دەوڵەت و حکومەتەکان ئازادنین لەوەی بەویستی خۆیان یان هاوڵاتیانیان هەرچی بیانەوێت ئەنجامیبدەن. بەڵام لەلایەکیتر هەر شتێکی نوێ و تازە کاتێک دێتە نێو کۆمەڵگەی مرۆیی، دەکرێت سودی بۆ کۆمەڵگەکان هەبێت و بریتیبێت لەگەشەی کۆمەڵگەی مرۆیی، چونکە قۆناغێک و ئاستێکی تری باڵای گەشەسەندن بەرهەمدێت. هەرچەندە کوردستان زیانی لەم فۆرمی بەجیهانیبونە بینیوە، کە سیستمی سەرمایەداری لیبراڵییە، چونکە هەژمونی سەرمادارى بەناوی ئازادی و دیموکراسی بەسەر وڵاتان و کۆمەڵگەکان دەسەپێنرێت.

بەرای توێژەریش بەجیهانیبون خەسلەتی دو فاقیی هەیە، واتە لەلایەک کاریگەری نەرێنی بۆ نەتەوەکان بەگشتی هەیە، چونکە هزری نەتەوایەتی لاوازدەکات دەسڕێتەوە و نمونەیەکی جیهانی دروستدەکات. بەڵام لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵگەی وشیار و چالاک دەتوانێت ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە و کاراکتەرێکی کارای جیهانبێت. ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەوەی تاچەند ئەو کۆمەڵگەیە دەستەبژێری سیاسی و حکومڕانی باوەشی بەڕوی جیهان کردۆتەوە و بەشدارێکی کارای فۆرمە جیهانیەکە بوە.

بەڵام بەدڵنیایی ئەو نەتەوانەی خاوەن دەوڵەتن دەرفەتی زیاتر و باشتریان لەبەردەمە تا سود لە بەجیهانیبون وەرگرن، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنیە هیچ دەرفەتێک بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان نەبێت، بەڵکو پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زیاتری نوخبەی سیاسی و ئینجا کۆمەڵگە لەسەر هەمو ئاستەکان هەیە، تا بتوانن بەشدارێکی کارای فۆرمە جیهانیەکەبن. چونکە نمونەی وەک هەرێمی کوردستان لەجیهاندا هەن، وەک هۆنگ کۆنگ، تایوان، کیوبیک و هیتر، کە ڕۆڵیان لەبەشداری بەجیهانیبون لەزۆربەی وڵاتانی جیهان زیاترە، بۆیە بەپلەی یەکەم پەیوەندی بەکۆمەڵگە هەیە کە تاچەند زیندوە.

سەبارەت بەهەرێمی کوردستانیش توێژەر وایدەبینێت لەپەراوێزدایە، وەک ناوچەیەکی کۆلۆنیالی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، و زۆرجار وەک کارتی فشار دژی وڵاتانی ناوچەکە بەکاردەهێنرێت، بەبێ ئەوەی هیچ سودێکی ئەوتۆی سیاسی یان ئابوری بۆ حکومەتی هەرێم و گەلەکەی هەبێت. چونکە لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتێکداین کە دەوڵەتەکە خۆی پەراوێزخراوە. ئینجا هیچ بەشدارییەکی کارامان لەپرۆسەی بەجیهانیبوندا نیە. بەکردەیی هیچ هەنگاوێکی شێلگیرانەمان نەناوە تا لەو دۆخە ناهەموار و پەراوێزخراوە ڕزگارمانبێت، هەرچەندە ژینگەی سیاسی، جوگرافی و ئابوریش چەندینجار لەباربوە. چونکە وەک ئاشکرایە هێزی ئابوری لەم سەردەمەی بەجیهانیبوندا بەهێزترین پێوەرە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

## ئەنجام:

دوای ئەوەی توێژەر بۆچونی چەند بیرمەندێکی تایبەت بە تیۆرەکانی بەجیهانیبونی وەرگرت و مشتومری نێوانیانی خستەرو. بەچەند ئەنجامێک گەیشت، ئەوانیش:

**یەکەم:** ئەو ئامانجەی دەڵێت: (**زانینی ڕەوشی سیاسی دیاردەی بەجیهانیبون لەئێستادا، و کاردانەوەی وڵاتانی جیهان بۆ ئەم دیاردەیە**)، دەرکەوتوە:

١- بەگشتی لەسایەی بەجیهانیبوندا دەوڵەتە نەتەوەکان زیانی ئابوری، سیاسی، کولتورییان بەرکەوتوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد بە نەتەوە بێدەوڵەتەکان کەمتر زیانیان بەرکەوتوە، هیچنەبێت دەوڵەتە نەتەوەکان خاوەن سەروەری خۆیانن و سنوری دیاریکراوی سیاسییان هەیە و بەشداری دارشتنی سیاسەتی جیهانی دەکەن لەرێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

٢- دەوڵەتە نەتەوەکان هێشتا بەهێزن لە شانۆی جیهانی لەروی سیاسی و تەنانەت ئابوریش، بەڵام بەرەبەرە هەستدەکرێت لەجیاتی دەوڵەتە نەتەوەکان، ئێستا ڕێکخراو و کۆمپانیا فرەرەگەز و سنوربەزێنەکان کۆنترۆڵی جیهان بکەن، دەوڵەتە نەتەوەکان تەنیا وەک پارێزەر و یارمەتیدەری ئەوان تا باشتر بتوانرێت لە دەرەوەی سنوری دەوڵەت هەژمونی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت باڵادەست بکەن.

**دوەم:** ئامانجی (**زانینی بۆچونی بیرمەندانی تایبەت بەدیاردەی بەجیهانیبون و ئەو مشتومرە لۆژیکیەی لەنێوانیان ڕویداوە.**) وا پیشانیدەدات کە لە ئەنجامدا:

١- هەمو بیرمەندانی تایبەت بەدیاردەی بەجیهانیبون لەسەر ئەوە کۆکن ئەو دیاردەیە لەئێستادا گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە دەوڵەتە لۆکاڵیەکان بەرەو لاوازی دەچن و کولتوری لۆکاڵی لەبەردەم لەناوچون یان هیچ نەبێت لاوازبون دایە، لەجێی ئەوان کولتورێکی جیهانی بەرێوەیە کە هەڵگری پەیام و دونیابینی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش لەسایەی سیستمی سەرمایەداری لیبرالی بو.

٢- بیرمەندانی بواری بەجیهانیبون، کە لەتیۆرەکە خراونەتەرو بۆچونی جیاوازیان سەبارەت بەو دۆخە هەیە، هەیانە بەتەواوەتی ڕەتی پرۆسەی بەجیهانیبون دەکاتەوە وەک (ڤالرشتاین). هەندێکی تریش لەگەڵ خودی پرۆسەکە وەک چەمک هاوران و قبوڵیانە، بەڵام لەچۆنیەتی پرۆسەکە نارازین و وایدەبینن لەداهاتودا پرۆسەکە کارەساتی سروشتی و مرۆیی لەگەڵ خۆی دێنێت و لەئێستادا هەڵگرانی ئەو پەیامەی بەجیهانیبون کە مەبەست لێیان سیاسییەکانە، کە جیهان هەڵدەسورێنن بە ئاراستەیەکی ناتەندروست دەرۆن، بۆیە دەبێت ڕێگرییان لێبکرێت، ئەمەش دەبێت لەرێی ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاشتیخوازان، ئافرەتان، ژینگەپارێزی و مرۆڤدۆستان و ... هتد فشار بخرێتە سەریان تا ئەو ئەگەرە زیانبەخشانەی لەو پرۆسەیە دەکەوێتەوە نەهێڵدرێن، لە نمونەی ئەو بیرمەندانەش (ئولریخ بیک).

هەرچی سەبارەت بەو لایەنەیە، کە پشتیوانی لەو پرۆسەیەی بەجیهانیبون دەکات و وایدادەنێن هەڵگرانی بەهۆی پشتبەستنیان بەو پێشکەوتنە زانستییە زەبەلاحەی هەیانە، دەتوانن پەرجو بخولقێنن و بۆهەر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

گرفتێکی چاوەڕوانکراو چارەسەری پێویست بدۆزنەوە، بۆیە دژایەتیکردنی پرۆسەکە دەمانباتەوە شێوازی کۆنی کۆمەڵگەی مرۆیی و جیهان جارێکی تر بەرەو ئاراستەی پێچەوانە هەنگاو دەنێت. لەنمونەی ئەو بیرمەندانەش (ئەنتۆنی گیدنز).

**سێیەم**: ئەو ئامانجەی دەڵێت: (**ڕاددەی سودبینین یان زیانلێکەوتنی دەوڵەتە نەتەوەکان لەو پرۆسەیە.**)

١- هەمو بیرمەندانی تایبەت بەدیاردەی بەجیهانیبون لەسەر ئەوە کۆکن ئەو دیاردەیە لەئێستادا گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە دەوڵەتە لۆکاڵیەکان بەرەو لاوازی دەچن و کولتوری لۆکاڵی لەبەردەم لەناوچون یان هیچ نەبێت لاوازبون دایە، لەجێی ئەوان کولتورێکی جیهانی بەرێوەیە کە هەڵگری پەیام و دونیابینی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش لەسایەی سیستمی سەرمایەداری لیبرالی بو.

٢- هەستدەکرێت سیاسەتی بەجیهانیبون لەئێستادا زیاتر ئەو کۆمپانیا فرەرەگەز و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانە بەرێوەیدەبەن کە سیستمی سەرمایەداری دروستیکردون، ڕۆڵی دەوڵەتە نەتەوەکان و دەوڵەتانی جیهان لاوازتر دەردەکەون، ئەمەش بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئابوری جیهانی و سیاسەتی جیهانییە، هەرچەندە لەم دواییانەدا تەوژمی دەوڵەتانی ڕۆژهەلات بەتوندی هاتوتە نێو کێبرکێی سیاسەتی جیهانی لە نمونەی ئەوانەش دەوڵەتی چین، ڕوسیا و هیتر. ئەمەش جیهانێکی فرەجەمسەر دەکرێت لەداهاتودا دروستبێت.

٣- ئێستا جیهان لەجیاتی ئەوەی بەرەو یەک ئاراستەی بیرکردنەوە، شێوەژیان و کولتور هەنگاو بنێت، جارێکیتر بەرەو فرەسەنتەری دەروات، و چەندین سەنتەری هێزی سیاسی، ئابوری و ئایدیۆلۆژی جیاواز لە سەرتاسەری جیهان دروستبون، جارێکیتر هێزە ئاینیی، ئایدیۆلۆژی، نیشتیمانی و ئابورییەکان زیندو بونەتەوە و ئەمریکا و ڕۆژئاوا کە سەرکردایەتی جیهانیان دەکرد، لە پاشەکشێ و ڕوبەڕوبونەوەدان، و هێزیتری جیهانی وەک چین، ڕوسیا، ئایینەکانی وەک ئیسلام و بودایی جارێکیتر هەوڵی بەهێزبونی خۆیان دەدەن.

**چوارەم**: ئامانجی (**زانینی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لەجیهانی نوێدا، و لەبەشداری دارشتنی سیاسەتی جیهان.**) لە کۆتاییدا دەرکەوتوە:

١- هەرێمی کوردستان وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت دەرفەتی باشی لەمدواییانە بۆ ڕەخسا، تا بتوانێت سود لەپرۆسەی بەجیهانیبون وەربگرێت، بەڵام لەبەر چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی نەتوانرا سود لەم پرۆسەیە وەربگرێت، تەنانەت لەهەندێک بواردا زیانی بەرکەوتوە.

٢- هەرێمی کوردستان لەروی کولتوری و کۆمەڵایەتیش زیانی بەرکەوتوە، چونکە بۆئەوەی کۆمەڵگەیەک بتوانێت پارێزگاری لە کولتور و بەها باڵکانی بکات، پێویستە ڕۆڵێکی بەهێزی لە دارشتن و بەشداری سیاسەتی جیهان هەبێت، یان هیچ نەبێت میکانیزم و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتبەر تا بتوانرێت بەرەنگاری بەها کولتورییە جیهانیەکان ببێتەوە یان هیچ نەبێت بتوانێت لەرێی خوێندنەوەی پێشوەختە بەهۆی ناوەندە ئەکادیمیە زانستیەکات چۆنیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ بەهای تازەی جیهانی خۆیان بگونجێنن، تا بەشێوەی هەرەمەکی نەخزێنە نێو کۆمەڵگە و زیانی گەورەی بەرنەکەوێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Politic at the Context of Globalization
# (Theorical and Analytical Research)

**Saleem Patros Elias**
Sociology Department, Colage of Arts, Salaaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** selim.elias@su.edu.krd

**Nazar Ahmed Yahya**
Work of Administration Department, Soran Technical Institute, Erbil Politechnic University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Nazar.yahya@ymail.com

## Abstract:

Globalization is a new world phenomenon totality of multi economy, social, cultural and political. As a result of developing industry, technology and modern community information. In 18th century globalization come into reality, but usage as a concept was new. after second half of 1980 this concept used widly.

In this research, the researcher is trying to explore globalization concepts as a single packet, relationship to each other and showing the influence globalization phenomena over nation- states around the world, like several development concepts. Demonstraties such as (Ulrich Beck, Anthony Giddens, walter walrestein) with a lot of opinions, some other concepts show logical documents then demonstraties on private sides of political globalization, because of this concept the world situation will be changing.

Even the researcher try to make argument among their opinions in the contiariety points or corporate points with adding the researchers opinion about showing Kurdistan regional as a non nation- state in the world policy and its role in formulating global policy in brief. Also trying to expect and know thiese factors which make globalization effective model on other countries, especially in politic situation its reaction on globalization process in good and bad impact on political situation. Invironmental, economy … etc. after that, we must know that now adays globalization process is going much faster or slower? Do global policy formulators go to the good direction and its influence in the future? This one and other questions which the researcher revealed.

The research in theoretical has a great role like increasing opposition theory and idea about globalization influence over rational countries in general especially in political situation. Because of it, the researcher try to stand with intellectual view in globalization process make discussion after that in some logical documents have a new and special research beneficial.

The goals of research are: To know the political situation of globalization concept now and other world countries reaction over this concept. Know the intellectual views globalization concept and academic discussion and scientific, that is happening among them? Reality of good or bad effects of nation- states in this process. Know the Kurdistan regional political position in new world participate in global policy formulation.

**Keywords**: Globalization, Culture, Political Process, Capital Liberalism.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2

## سەرچاوەکان:

Beck, Ulrich: 2000, What is Globalization?, Polity Press, Translated by Patrick Camiler.

Giddens, Anthony: 2002, RUNAWAY WORLD, How globalization is shapping our lives?, Profile books LtD, London.

Lechner, Frank J. and Boli, John, 2012, The Globalization Reader, 4th Ed, Wiley Blackwell.

Wallerstein, Immanuel: 2004, World Systems Analysis, an introduction,Duke university Press, London.

انغليز، ديفيد و هيوسون، جون: 2013، مدخل الي سوسيولوجيا الثقافة، ت /لما نصير، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، ط1، بيروت.

بك، اولريش: 2012، ماهي العولمة؟، ط2، ت /د.أبو العيد دودو، منشورات الجمل، بيروت-لبنان

بيك، اولريش: 2006، مجتمع المخاطر العالمى (بحثا عن الامان المفقود)، ت /علا عادل واخرون، ط1، المركز الثقافى الالمانى، القاهره.

بيك، اولريش: 2009 ، مجتمع المخاطرة، ت /د.جورج كتوره و د .الهام الشعرانى، ط١، المكتبه الشرقيه، بيروت -لبنان.

السعداوى، نوال: ٢٠١٧، الانثى هي الاصل، الناشر مؤسسة هنداوى سي اى سي، المملكة المتحدة.

فيشتريش، كريستا: ٢٠٠٢، المراة والعولمة، ط١، ت/ د. سالمة صالح، منشورات الجمل، كولونيا- المانيا.

حسين، یوسف حسن: 2014، کاریگەریی بەجیهانیبون لەسەر کولتور، توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆژی مەیدانییە لەشاری هەولێر، پێشکەشکراوە بەئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر، وەک بەشێک لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەئەنثرۆپۆلۆژیا، بەسەرپەرشتی پ.د.طاهر حەسۆ زێباری.

عیسی، د. صالح ملا عمر: 2008، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لەچەرخی بەجیهانیبوندا، کوردستانی عێراق وەک نمونە، چ1، و/ ئازاد وەلەد بەگی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

کۆمەڵە وتار: 2007، زمان، هێز، ئازادی، و / مقداد شاسواری، چ1، چاپخانەی منارە، هەولێر.

میسری، فواد مجید: ٢٠١٩، جیهانگیریی- سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە بەجیهانیبونی سەرمایە و پرۆسەی بەرهەمهێنان،چاپخانەی تاران.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper2